نووسینی
جۆرجی زەیدان

رۆمانی

# سەلاحەددینی ئەییوبی
و
# تاقمی ئیسماعیلییەکان

وەرگێڕانی
حسن پێنجوێنی

چاپی یەکەم

١٤٤١هـ ٢٠٢٠ ز

بەناوی خودای بەخشندەی میهرەبان

ناوی کتێب:
نووســـەر:
چـــاپخانە:
ساڵی چاپ:
چـــــاپی:
تیـــــراژ:
وەرگـــێڕ:

## چیرۆکی ئەم رۆمانە:

لەساڵەکانی نەوەد دا لەوکاتەدا کە لەئیسلام ئابادی پاکستان بووم، و خەریکی نووسینی تێزی ماستەرەکەم بووم، لەکتێبخانەی زانکۆی ئیسلامی (ئێنتەر ناشناڵ ئیسلامیک یۆنی ڤێر سیتی) ئیسلام ئاباد دا بەشوێن سەرچاوەدا دەگەڕام، ناکاو ناونیشانی ئەم رۆمانەم دی، ناونیشانەکە سەرنجی راکێشام، منیش کۆپیم کرد و بردم لەماڵەوە خوێندمەوە، زۆر بەلامەوە سەرنج راکیش بوو، بەونیازە هەڵم گرت لەهەلێکدا وەری بگێڕم و بڵاوی بکەمەوە..

ئەم کتێبە خۆرهەلاَتناسی بەناوبانگ {جۆرجی زەیدان} نووسیویەتی، و محەممەد عەلی شیرازیی ناوێکی ئێرانیش وەری گێراوەتە سەر زمانی فارسی،و منیش پاش دەسال لەو بەرواره کاتێ لە ئوستراليا جیگێیر بووین وەرم گێرایە سەر زمانی کوردی بەوهیوایەی رۆژێ لەرۆژان چاوی خوێنەری کوردی پێ رۆشن ببێتەوە.

وا پاش دەسالیش لە بەرواری وەرگێڕانەکەی سوپاس بۆ خوا توانیمان بە چاپی بگەیەنین.. بەوهێوایە سوودێکی بۆ خوێنەرانی هاوزمانم هەبێ..

د.حسن پێنجوێنی

بریسبن- ئوستراليا

## پاڵەوانانی رۆمانەکە:

خەلیفە عازید [عاضد] دواین خەلیفەی فاتمییەکان.
پاشا: خوشکی عازید .
سوڵتان سەلاحەددین: فەرماندەی سوپا.
نەجمەددین : باوکی سەلاحەددین.
بەهادینی قەرەقووش: وەزیری سەلاحەددین.
عیمادەددین: لەنزیکانی سەلاحەددین.
عیسای هەککاری: لەنزیکانی سەلاحەددین.
ئەبول حەسەن: کەسێ کەبەتەمایە ببێتە خەلیفە.
سوڵتان نوورەددین: فەرمانرەوای شام.
راشیدەددین: پێشەوای تاقمی ئیسماعیلییەکان.

## سەرچاوەکانی ئەم داستانە مێژووییە:

1- مێژووی ئیبنول ئەسیر.
2- مێژووی شارستانیەتی ئیسلامی.
3- مێژووی مەقریزی.
4- کتێبی رەوزەتەین [ روضتين ] .
5- مێژووی سەلجووقییەکان.
6- توێژی پزیشکان. [ طبقات الأطباء] .
7- مێژووی میسری هاوچەرخ.
8- ئیبنو خەلەکان.

## پاڵفتەیەکی مێژوویی:

لەساڵی 358 کۆچی وڵاتی میسر بەدەستی فەرماندەی بەناوبانگ {جەوهەر} دەستی بەسەرا گیرا و دەوڵەتی ئەخشیدی کۆتایی پێهێنراو کەوتە ژێردەستی فاتمییەکانەوە، و میسر لەژێر دەسەڵاتی عەبباسیەکاندا نەما.. میسر هەرچەند لەسەردەمی تولۆنی و ئەخشیدییەکاندا جۆرە سەربەخۆییەکیان لەکار وباری ناوخۆدا هەبوو بەڵام بەشێوەیەکی فەرمی لەژێر دەسەڵاتی عەبباسیەکاندا بوو. لەلایەن خەلیفەی عەبباسییەوە فەرمانی دیاریکردن یا وەلانانی فەرمانڕەواکانی میسر دەردەچوو. بەڵام کارو باری ناوخۆیی بەتەواوی لەژێر دەسەڵاتی فەرمان ڕەوایانی تولۆنی یا ئەخشێدییەکان دا بوو، واتە لەمەیاندا بەتەواوی سەربەخۆ بوون وهیچ پرسێکیان بە خەلیفەی بەغدا نەدەکرد.

کاتێ کە میسر کەوتە ژێر دەستی فاتمییەکانەوە، وەزعی سیاسی ئەو وڵاتە بەتەواوی گۆڕا، و دەوڵەتێکی سەربەخۆ - بەتەواو واتا -هاتە سەرکار، کەجگە لەفەرمانی خەلیفەی فاتمی نیشتەجێی قاهیرە فەرمانی کەسێکی تری بەڕێوە نەدەبرد، وهەرگیز بایەخی بەخەلیفەی بەغدا نەدەدا..

ئەمەش یەکەمین جارە دوای بڵاوبوونەوەی ئیسلام میسر سەربەخۆیی تەواوی هەبێ، خەلافەتی عەبباسیش هەروەك خۆی لەبەغدادا مایەوە، و خەلافەتی ئەمەوییەکانیش لە ئەندەلسدا فەرمانڕەوابوو، بەم جۆرە لەجیهانی ئیسلامیدا سێ جۆر خەلیفە حوکمیان دەکرد، کەئامانەش هەسێکیان نەیاری یەکتر بوون، و هەریەکێك لەوان وای دادەنا کەخەلافەت مافی خۆیەتی و ئەوانی تر لێیان زەوت کردووە، لەنێوان خەلیفەی بەغدا و خەلیفەی قاهیرەدا ناکۆکی زیاتر بوو، چونکە لەبارەی مەزهەبیشەوە جیاوازییان هەبوو، خەلیفەی عەبباسی سوننی و، خەلیفەی فاتمی شیعە بوو.

دەوڵەتی فاتمی یەکەمین دەوڵەتی شیعەبوو کە پاشاکانی خۆیان بەخەلیفە ناودەبرد، لەسەردمی فاتمییەکاندا دەوڵەتێکی تری شیعە لەئێران وعیراقدا هاتە کایەوە کە دەوڵەتی {ئالی بوەیە}بوو، پاشاکانی بوەیهی خۆیان بەخەلیفە ناو نەدەبرد، و ئیددیعای ئەوەیان نەدەکرد کە نەسەبیان دەچێتەوە

سەر قورەیش، بەڵکو خەلافەتی عەبباسیان دەپاراست، هەرچەند لەدیدی ئەوانەوە خەلیفەکانی عەبباسی خەلافەتیان لەوانەی شیاوی خەلافەتن داگیرکردبوو.

پاش ئەوەی دەوڵەتی فاتمی دروست بوو، هەندێ بە گوێی موعیززوددەولە [المعز لدين الله ] یاندا چپان کە یەکێ بوو لەسوڵتانەکانی ئالی بوەیە : خەلافەت بداتە دەست فاتمییەکان، بەڵام یەکێ لە نزیکان وخێرخوایانی ئەو نەیان هێشت ئەوکارە بکات.

لەکاتێکا خەلیفەکانی عەبباسی لەبەغدا بوون، فاتمییەکانیش لە میسرا جێگیر بوون، بەڵام تەواوی شوێنکەوتوانی ئەهلی سوننەت لەدنیادا ئینکاری ئەوەیان دەکرد کە فاتمییەکان بنەچەیان بگاتەوە سەر حەزرەتی فاتیمەی کچی حەزرەتی پێغەممەر ێ، لەگەڵ ئەوەدا فاتمییەکان گوێیان پێ نەدەدا و هەموو بیرو هۆشیان لەسەر ئەوەبوو کە بەزۆری شمشێر دەسەلاَتی خۆیان بسەپێنن.

پاش ئەوەی کە {جەوهەر} شاری قاهیرەی بۆ خەلیفەی فاتمی موعیززوددین دروست کرد، ئەوی دەعوەتی ئەوشارەکرد، و خەڵکی هەمووی هاتن بۆ پێشوازی، عەبدوڵلای تەباتەبائی ناسراو لەناو پێشوازیکەراندا بوو، عەبدوڵلا لەخەلیفەی فاتمی نزیك بووەو گوتی: سەروەری من! نەسەبی ئێوە دەچێتەوە سەرکێ؟ موعیزز پێی وت: من دانیشتنێکی تایبەت بۆ ئێوە سازدەکەم ولەودانیشتنەدا پێتان دەڵێم کە نەسەبی من دەچێتەوە سەرکێ..

کاتێ موعیزز لە کۆشکەکەی خۆیا جێگیر بوو پیاوانی ناودار و سەر بەدەرۆبووی ولاَتی بۆ دانیشتنێکی تایبەت دەعوەت کرد و پێی گوتن: " ئایا کەسێ لە سەران و نوێنەرانی ئێوە ماوە بێت؟ " پێیان گوت: کەسێکی سەردیار وناودار نەماوە کە نە هاتبێت. موعیزز شمشێری خۆی لەکێلان دەرهێنا و بایدەداو دەیگوت: " نەسەبی من ئەمەیە " ئەوسا مشتێ زێڕی بەسەر شمشێرەکەیا رشت وگوتی: " ئەمەش باوباپیرانی منە ". ئامادەبوان بەجارێکا گوتیان: گەورەم بیستمان و تێگەیشتین و گۆێڕایەڵ وفەرمانبەرداری ئێوە دەبین!. "

# # #

یازده خەلیفەی فاتمی ماوەی دووسەدو چەند ساڵێك لەولاَتی میسرا فەرمانرەوایی و حکومەتیان کرد، یەکەم خەلیفەیان [المعز لدين الله] ، و دوانیشیان [ عاضد الدين بالله ] بوو، دەتوانین سەردەمی حکومەتی فاتمییەکان لەمیسرا بەسێ دەورە دابەش بکەین:

دەسەلاَتی فاتمییەکان لەسەرەتای کاریەوە بەوەسیلەی سەربازەعەرەب و بەربەرەکانەوە و لەژێر فەرمانددەیی جەوهەردا میسر دەستی بەسەرا گیرا،و بەرِێوە دبرا، دەسەلاَت بەدەست ئەم دوو رەگەزەوە بوو، پاشان کەوتە دەست بەربەرەکان، ودواتریش کەوتە دەست تورکەکان، هەروەك نفوز ودەسەلاَتیش لەخەلافەتی عەباسییەکاندا لەدەست عەرەب دەرچووبوو، و لەدەستی ئێرانییەکان و تورکەکاندا بوو.

هۆی زیادبوونی تورکەوکان لەمیسرا ئەوەبوو کە خەلیفەی فاتمی [الحاكم بأمر الله ] مردو کورِەکەی{ الظاهر لإعزاز دين الله} هاتە سەر حوکم، لەخۆش رابواردن وعەیش و نۆشا زۆر رۆچووبوو، مەیلی بەلای تورکەکانەوە بوو، و ئەوانی لەخۆی نزیك کردەوە و بایەخێکی بە بەربەرەکان نەدەدا،و بەوجۆرە قەدرو قیمەتی بەربەرەکان و نفوزیان کەمبووەوە تا بەتەواوی لەناوچوو.

کاتێ [مستنصربالله] لە ساڵی 427 کۆچیدا دوای [ ظاهر] ی باوکی هاتە سەر حوکم، و لەسەر تەختی خەلافەتی فاتمییەکانا دانیشت جڵەوی کارو باری ولاَتی بە دەستێکی پۆلاَیین گرتە دەست، دایکی [ مستنصر] کەنیزێکی رەش پێست بوو، لەرووەوە دایکی {مستنصر} ژمارەیەکی زۆر لە ورەشپێستانەی نەژادی خۆی هێنایە ناو سوپای خەلیفەو دائیرەکانی دەوڵەتەوە، زیاد لەهەزار سەربازی رەشپێستی هێنایە ناو لەشکرەوە..

بەلاَم { مستنصر }ی کورِی زیاتر سەربازانی خۆی لە لاوانی تورك هەڵدەبژارد، لەم رووەوە سەربازان ببونە دوو دەستەی گەورەوە، و جیاوازی وناکۆکییەکی سەخت لەنێوانیاندا هەبوو، هەریەك لەوانە دەیویست تواناو دەسەلاَت بخاتە دەست خۆی. هۆی ئەم ناکۆکیی و دوودەستەییەی نێوان سەربازانی سوپا بووە هۆی بەدیهێنانی کێشمەکێش وشەرِە ناوخۆییەکان، و میسری لاواز وناتوانا کردبوو، { مستنصر} ناچارِ بوو داوای کۆمەك و یارمەتی لە فەرمانرەوایانی شام بکات، زۆری پێ نەچوو کە فەرمانرەوای شام{بەدرول جەمالی}کە لەبنەچەدا ئەرمەنی

بـوو، بەلەشـكرێكی گـەورەوە رووی لەمیسـر كـرد، و پیـاوانی دەوڵـەت و سەركردایەتییەكانی سوپای لەناو برد، ودەستی كرد بە دامزراندنی تـورك وئەرمەن لەناو سوپای میسرا، وای لێهات سـەربازانی دەولـەت بـەزۆری یاتورك بوون یا ئەرمەنی.. بەوشێوەیە نفووز وتوانـای بەربـەرەكان لـەناو سوپادا لـەناوچوو، بوونـە كەسـانێكی ئیعتیـادی و دەنـگ ورەنگێكیـان نـەما، لــەحاڵێكا پێشــتر بەكەســانێكی گــەورە و خــاوەن نفــوز و دەســەلآت و سەربەدەرۆبوو دەناسران.

ئالەوكاتەدا سلجووقیەكان دەسـەلآتیان بەسـەر هـەردوو هـەرێمی عیـراق و ئێراندا پەیدا كرد و {دەوڵـەتی ئـالی بوەیـە}یـان لـەناو بـرد، و شیعەكان لـەو دوو شوێتنەدا لاواز و بێتوانا بـوون، سـەلجوقییەكان دەست نیشـانكراوەكان و فەرمانــدەكانی خۆیــان لـــەناو {ئەتابەكــە} كانــدا دەكــردە حــوكمرِانی ویلایەتـــەكان، ئـــەم حوكمرانانـــەش هەریەكـــەیان لەویلایـــەتی خۆیـــا سەربەخۆبوون، یەكێ لەو حوكمرِانانە نوورەدینی زەنگی بوو لـە شـامدا. لـەناو فەرمانـدەكانی نوورەدینـا ژمارەیـەك كـوردی ئـازاو لێهـاتوو هـەبوو، كەیـەكێ لەوانـە نەجمـەددینی ئـەییوبی وئەسـەدەددین شـێركۆی بـرای بـوو. ئەم دوو برایە لای نوورەدین جێگەو نزیكییەكی تایبەتیان هەبوو.

لەساڵی 556 كۆچیدا خەلافەتی میسر كەوتە دەست [ عاضد الدین بـالله ] ی كـورِی یوسـفەوە، { عاضــد } پیــاوێكی بــێ توانــاو لــێ نــەهاتووبوو، وەزیرەكـانی بەسـەر كاروبـاری دەوڵـەتا زاڵبووبـوون، هەریەكـە لەشـوێنی خۆیــەوە دەیویسـت نفـووز و توانــایی رەهــا بەدەسـت بێنــێ، كێشـمەكێش وملانێیەكی سـەخت لەنێویاندا پەیدا بووبوو، بـەجۆرێكی وا ولآتـی وێـران كردبوو، و { عاضد }یش پیاوێكی لاواز لەبەرامبـەر ئەوانـەوە نەیدەتوانی هیچ كارێ بكات..

لـەنیو ئـەو ململانێیـەدا سـەرۆك وەزیرانـێ هـەبوو كـەناوی {شـاور}بـوو، ئەوانی تر بەسەریا زاڵ ببوون وخستبوویانە لاوە، شـاوەر دەچێـت بـۆ شـام بۆلای نوورەدینی زەنگی، لـەلای ئـەو شكاتی ئـەوە دەكـات، كەسێك پلـەی سـەرۆك وەزیـری لـێ سـەندووە، و داوای ئـەوە دەكـات یارمـەتی بـدات تـا ئەوكەسە لاببات و بگەرِێتەوە سەركاری خۆی..

نـوورەدین ئـەم هەلـەی بـەگونجاو زانـی بـۆ ئـەوەی بتـوانێ دەست بەسـەر ولآتـی میسرا بگرێـت، یـەكێ لەفەرمانـدە بەناوبانگـەكانی خـۆی{شێركۆ}ی

هـەڵبژارد و ئـەو ئەركـەی پـێ سـپارد، لەتـەك لەشـكرێك لەسـەربازانی مەمالیكدا ناردی بۆ میسر، وسەرۆك وەزیرییەكەیان گەڕاندەوە بۆ شاوەر، ئـۆقرە و ئاسایشـیان خسـتە وڵاتـەوە، لەبەرامبـەر ئـەم خزمەتـەوە هـەموو ساڵێك شاوەر سێ یەكێكی داهاتی میسری دەنارد بۆشام..

لەوسەردەمەشدا جـەنگی خـاچ هـەلگرەكان بەقورسـی دەسـتی پێكردبـوو، نـوورەددینیش بەكۆمەكینوێنـەری خـۆی شـێركۆ و برازاكـەی شـێركۆ {یۆسـف نەجمـەددین} كـە هـەر سـەلاحەددینی ئەییوبیـەزیاتر دەسـتیان لەكاروباری دەوڵەتی میسرا وەردەدا.

لەساڵی 564 كۆچی شێركۆ لەمیسرا كۆچی دوایی كرد، وسەلاحەددینی ئەییوبی بەپلە وپایەی ئەو تەعین كرا، و وەك سـەرۆك وەزیـران ناسێنرا.. و لەم داستانەشدا باس لەوە دەكرێت كە سەلاحەددین چۆن دەسەڵاتی گرتـە دەست و چجۆرە كارێكی لەو وڵاتەدا كرد..

# # #

## سەلاحەددین و خەلیفە عازید:

مـام حەسـەن بەعومـەری هـەکاری گـوت: " بـرام هەسـتە، ئـای چەنـد دەخـەویت؟! " مەگـەر نـازانی لەشـاری قـاهیرە چ جـەنجاڵێ بـەرپابووە و خـەڵکی بـەم لاولادا دەرِۆن؟ زووکـە هەسـتەو سـوار ولأخەکـەت ببـە، وهەرچی زووترە لێرە دەرچۆ "

عومـەر وەلاَمـی دایـەوەو گـوتی: " بـۆ کـوێ بـرِۆم؟ بـۆچ چـی بـووە؟ ئایـا هەروەك شاری {فوستات}یان ئاگرتێبەردا {قـاهیرە}شیان ئـاگر تێبـەرداوە؟ یاباـجێکی تریـان لێمـان دەوێ؟ مـن تـەواوی سـەنگەرەکانی قـاهیرەم بـەجێ هێشتووە، و هاتوومەتە ئەم سـەنگەرەی { الفتـوح} کەلـەدەرەوەی شـاردایە، هاتووم تا لە رق وقین و دوژمنایەتی کوردەکان وتورکەکان رزگاربېم...و "

حەسەن قسەکەی بەو برِی و گـوتی: " عومـەر بێدەنگبـە، ئـەم کوردانـە تـا ئەندازێك ئینسـانێ باشـن، لـە بیرتـە پێش ئـەوەی ئـەم کوردانـە حوکم بکـەن چەنـد باجیـان لـێ دەسـەندین؟! کـێ دەیتـوانی نـاوی ئەبوبـەکرو عومـەر بەزمانیا بێنێ؟

عومـەر گـوتی: " راسـت دەڵێیـت، بـاوك ودایکم لەوکاتـەدا پەشـیمان بـون کەبۆچ منیان نـاو نـاوە عومـەر؟ بـەلاَم حەسـەن! پێم بڵـێ بزانم لەشـار چـی رووی داوە؟ بۆچ سوار ولأخەکە ببم ولەم ناوە دوور بکەومەوە؟! "

حەسەن گوتـی: " ئـاخر خەلیفـە عازیـد {العاچـد لـدین الله} بەکەژاوەکەیـەوە لەکۆشك دێتە دەر و بەهاورێ یی ژمارەیەك لەتورکەکان و ئەوانی تر بەم نـاوەدا تێدەپـەرِێ، و دەترسـم یـەکێ لەوانـە ولأخەکـەت ببینـێ و تـەماحی تێبکات، یا لێت بسێنێ و سواری بێت، یا داوات لێ بکات بکەویتـە تـەکیان ."

عومـەر گوتـی: " جا خەلیفە لەکۆشك دێتەدەر، ئێمە لەکوێ و کۆشکی ئـەو لەکوێ؟ ئەوەتە ئێمە لەدەرووەی شاری قاهیرەداین "

حەسەن گوتی: " ئاخر خەلیفە لەم ناوەوە تێدەپەڕێ، ولەم دەروازەی { الفتوح }ەوە دەچێتە دەر..

عومەر گوتی: لەم دەروازەوە دەچێتە دەر، بۆ کوێ دەچێت؟

حەسەن گوتی: " ئەو بەپێشوازی {نەجمەددینی ئەییوبی}ەوە دەچێت.

- خەلیفە بەپێشوازی {نەجمەددین}ەوە دەچێت ؟ بۆچ ئەو{نەجمەددین}ە کێیە؟

- ئەو باوکی سەلاحەددینی وەزیرە، ئەو لەشامەوە بۆ چاوپێکەوتنی کوڕەکەی خۆی دێت.

- عومەر گوتی: ئەی خودایە! ئەوە چی دەبیستم؟ خەلیفە کە ئەمیری موسوڵمانانە، و کچەزای پێغەممەرە، و سایەی خوایە لەسەر زەویدا لە کۆشکی خۆی دێتە دەر و دەچێتە دەرەوەی شار تا پێشوازی لەباوکی وەزیری خۆی بکات؟! حەسەن! پێم بڵێ، چ کاتێ خەلیفەکانی فاتمی کاری وایان کردووە؟!

- حەسەن گوتی: " هاوڕێ ! ئەحواڵ و بارو دۆخ گۆڕاوە، مەگەر تۆ نازانی خەلیفە جگە لە قاپڵۆخەکەی هیچی بۆ نەماوەتەوە؟ تەنیا ناوی هەیە وبەس، تەواوی دەسەڵات و توانا لەدەستی ئەو وەزیرە کوردە {سەلاحەددین}دایە؟ هەی بەسەزمان خەلیفە عازیدی ئێمە!!

- عومەر گوتی: " بەسەزمان! بۆچ ئەو بەسەزمانە؟! ئێمە بەسەزمانین، لەوانەشە ئەم وەزیرە کوردییە لەعازید باشتر بێت! "

- حەسەن گوتی: " سەلاحەددینی کورد لە خەلیفە باشتر دەبێت؟ خێرە... "

- عومەر گوتی: ئایا دەزانی کە ئێمە لەدەستی ئەم دەسەڵاتدارانە چەند بەتەنگ هاتووین؟ ئەمانە بۆئەوەی زوڵمی زیاترلەئێمە بکەن قانوون شکێنی دەکەن، و دوژمنایەتی یەکتری دەکەن، ئاخر بۆمن چ جیاوازییەکی هەیە ئەگەر فەرمانرەوا و پاشای من یەك نەفەری عەرەب یاکورد یا

تورك بێت؟ گرنگ بەلای منەوە ئەوەیە: لەدەستی فەرمانرەواو پاشای خۆمانەوە زوڵم و بێدادی نەبینین. مەگەر وانییە؟ "

- عومەر گوتی: "بێدەنگ بە، ئەوانە خەریکن دەگەنەبەرەوە، مەگەر تۆ دەنگی سەنج و شەیپوور نابیستی؟ خێراکە تازووە بڕۆ و وڵاخەکەت لەشوێنێکا بشارەوە، و خۆت وەرەوە بۆ ئێرە. "

- عومەر گوتی: " زۆر باشە، من دەرۆم وزوو بۆلای تۆ دەگەڕێمەوە،تا کەژاوەی خەلیفەش ببینم، من لەبارەی کەژاوەی خەلیفەوە قسەو باسێکی زۆرم بیستووە، بیستوومە زۆر سوارچاکی دلێر لەکەژاوەکەی خەلیفەدا هەیە، و خودی خەلیفە جل وبەرگی ئاورێشمی زۆر گران قیمەت لەبەر دەکات، بە خشڵ وگەوهەریش خۆی دەڕازێنێتەوە ".

- زۆر باشە، من چاوەروانی گەڕانەوەی تۆم..

- نە، نە، باشتر وایە کە تۆیش لەتەکما بێیت، تا بەیارمەتی تۆ وڵاخەکەم لەویَ دابنێین، و پاشان پێکەوە دەرۆینە سەر باڵەخانەکە تا لەوێوە باشتر دیمەنی کەژاوەکەی خەلیفە ببینین، وهەم لە مەترسیش رزگارمان دەبێت.

- حەسەن گوتی: "قسەکەت خراپ نییە، وەرە بابڕۆین "

# # #

کـاتێ ئـەو دوانـە رۆیشـتنە سـەر بـانی خانووەکـە حەسـەن گـوتی: " کــەژاوەی خەلیفــە لــەناو کۆشــك هاتــە دەرەوەو بــەرەو ئێــرە دێــن، زۆرنابات دەگەنە دەروازەی {الفتوح}، وکاتێ لەدەروازەکەوە هاتـەدەر بەجوانی کەژاوەکە دەبینین، ئایا دەنگێ سمی ئەسپەکان نابیستی؟ "

- عومەر گوتی: " چۆن نا؟ دەیبیستم، بەلاَم دەترسم مەترسییەکمان بۆ پێش بێت. "

- "ترست نەبێت، تۆ پیاوێکی سەیری تەنانـەت لەسێبەری خۆیشت دەترسیت. "

- حەسەن گوتی: گلەییم لێ مەکە! مافی خۆمە بترسم، چونکە ماران گەستوو، لـە پـەتیش دەترسـێ، سـەربازانی ئـەم کەژاوەیـە دەسـت درێژی دەکەنە سەرمان و ولاَخەکانمان بەتالاَن دەبەن. "

- کەژاوە گەیشت، کاتێ کەژاوەکە دێتە نـاو شـەقامەکەوە سـەرنجێکی تەواوی بەسەردا بدە.

- من دەبینم ئالاَکـان دەشـەکێنەوە، وئەسپەکان دەحیلکێنن، و نێزەکـان بریسکەیان دێت، و شمشێرەکان دەدرەوشێنەوە، قەرەباڵخی خـەڵکی لـەناو شـەقامەکەدا وەك ئـاو لـەکاتی لافـاوی رووبـاری گـەورەی نیلـدا شـەپۆل دەدات، ئـای مـام حەسـەن! سوپاسـی تـۆ دەکـەم، کەسـەیری دیمـەنێکی ئاوەهـات بـەمن نیشـاندا، ئێستا کەژاوەکـە لـەدەروازەوە دێتـە دەر، پێم بڵـێ بـزانم: کامیـان خەلیفەیـە؟ ئایـا خەلیفـە ئـەو یەکیانەیـە کـە سـوار ئـەسـپە شڵەوبڵەکە بووە، و بەرگێکی کەتانی لەبەر کردووە؟

- حەسـەن گـوتی: بـۆم دەرکـەوت لەهـەموو ژیانتـا کاربەدەسـتانی دەوڵەتت نەدیوە. ئەوانەی لـەپێش خەلیفەوەن زۆرن، تۆ وادەزانـی خەلیفـە کراسـی کـەتان لەبـەر دەکـات؟ ئـەوە بـەرگ و پۆشـاکی پیـاوانی خەلیفەیـە، ئەوانەش کە لەپێش کەژاوەکەوە دەیان بینی ئـەوە هەنـدێك لـە ئـەمیرەکان و کوڕانیـانن. سـەیری بـەرگی گـران قیمـەت و لغـاوی زێڕینـی ئەسپەکانیان بکە، هەموو ئەمانە لەبەرامبەر کەژاوەی خەلیفەوە زۆر کەم وبێ بایـەخن، سـەیرکە ئـەوا کـەژاوە کـەی خەلیفـە گەیشـت، ئەوەتـە چـەترێکی گـەورەیان بەسەر سەری خەلیفەوە هەڵداوە.

-    عومەر گوتی: " ئەوەی هەڵیانداوە بەسەر خەلیفەوە بوەتە هۆی ئەوە من نەیبینم، من تەنیا ئەسپەکەی خەلیفە دەبینم، کە ئالاَ بەدەستەکان، و سوارەکان کراسەکەی ئەویان گرتووە، بەراستی ئەو ئەسپ سوارانە کێن؟ "

-    حەسەن گوتی: "ئەگەر پەلە نەکەیت.. دەزانیت ئەوانە کێن!! کەژاوەکە لەسەرخۆ دەڕوات، منیش هەمووشتێکت بۆشەرح دەکەم. ئایا ئەسپی خەلیفە دەبینی؟ جوان سەیریان بکە، زینی ئەو مەخمەلی سوورە و خەتی زێڕین و ڕەنگی مینایی‌شی پیا هاتووە، ئەگەر سەیری پێشی زینەکەی بکەیت، دەزانی بەگەوهەر ڕازێنراوەتەوە، و بە گەردنی ئەسپەکەیەوە ئەڵقەی زێڕین دەبینی، و ئەگەر سەیری قاچ و قولی ئەسپەکەی بکەیت پاوانەی زێرینیان تێ کردوە، و خشڵ و زێڕی تەنیا ئەسپێکان دەوری هەزاردینارێك دەبێ.. خۆ ئەگەر سەیری ئەسپی ئەمیر و وەزیرەکان بکەیت بەئەندازەی هەمان ئەسپی خەلیفەی تێچووە، و خەلیفە هەمووی بەدیاری بەوان بەخشیوە. ".

-    عومەر گوتی: "حەسەن! خۆش بەحاڵت! حەتمەن تۆ یەکێ لە خولاَمەکانی کۆشکیت، ئایا توانیوتە سوار یەکێ لەو ئەسپانە ببیت؟. "

-    حەسەن کوتی: کوڕە! من لە ژیانما توانیومە بەزۆر شت بگەم، و ئێستا لە بیریشم چوونەتەوە، من خشڵ و زێڕی وام دیوە ئینسان سەراسیمەو گێژدەکات. من بەباشی دەزانم کە خەلیفە چ پۆشاکێکی گران بەها لەبەر دەکات، سەیری ئەو چەترە بکە چۆن بە شێوەی هەرەم و لەهەورێشمی ئاسمانی ڕەنگ دروستکراوە، سەیری پۆشاکی خەلیفە بکە ئەها ئەویش چۆن لەرەنگی شینێکی ئاسمانی درووستکراوە؟ بڕوانە ئەوگوڵنانەی لەزێری گەوهەر نیشان دروستکراوە،و چۆن بە چەترەکەدا هەڵواسراوە؟لەسەر چەترەکەیشەوە گۆیەکی زێڕینی گەوهەر نیشان دانراوە کە چاوی ئینسان ئەبلەق دەکات. "

عومەرگوتی: بەڵێ چەترێکی زۆر گران بەهاو بەنرخە، بەلاَم من هەڵگری چەترەکە نابینم،چۆن ئینسان توانای هەڵگرتنی چەترێکی ئاوەها قورس وگرانی هەیە؟

حەسەن گوتی: هەڵگری ئەوچەترە کەسێکە کەلەسەر پشتی ئەسپێکەوەدانیشتووە، و لە پەنای خەلیفەوە ئەسپەکەی لێدەخوڕێ، و

دەسکی چەترەکەیشی لەسەر زینی ولآخەکەیەوە داناوە  هەوڵی تەواوی ئەو سوارانە ئەوەیە تا گەردیلەیەك تیشکی خۆر لە خەلیفە نەکەوێت.

عومەر گوتی: "باشە ئەگەر تیشکی خۆر بەرلەشی خەلیفە بکەوێت چی روودەدات؟ من ئێستا دەبینم کە هەڵگری چەترەکە  کەمێ چەترەکەی بەولاوەتر گرتووە و سەری خەلیفە دەرکەوتووەو دەبینرێت، پێم ناڵێی ئەوە چییە بەسەر رووی خەلیفەوە؟ " حەسەن گوتی: " وازم لێ بێنە بامن قسەکانی خۆم تەواو بکەم، سەیری ئەومێزەرەیە بکە بەسەر سەری خەلیفەوە، ئەومێزەرەیە سپییەو شێوەیەکی هێلکەیی هەیە، و لە لای سەرووی پێشی مێزەرەکەوە چەند گەوهەرێکیان لەشێوەی هیلال و بەیاقووتی سوور تێکەلآو پیاهەڵواسیوە کە ئەو یاقووتانە لەدنیادا بێ وێنەن، و لەناوەراستی هیلالەکەدا گەوهەرێکی گران قیمەت هەیە کەپێی دەگوترێ یەتیمە، و قیمەتی ئەو گەوهەرە لە حساب نایەت.. "

عومەر گوتی: ئاخ.. خەلیفە چۆن بەبێ سوود ئەم هەموو گەوهەرو زێرانەی بەخۆی و ولآخەکەیا کردووە!! لەحاڵێکدا کەسانێك  لەم ولآتەی ئەوا لەبرسا دەمرن!! "

حەسەن گوتی:  "بەهەر حاڵ ئێمە کارێکمان بەوکارەوە نییە، گوێ بگرە، ئایا ئەوسوارە دەبینی کە لەتەنیشت خەلیفەوە دەسماڵێکی سپی بەدەستەوەیە؟ "

عومەر گوتی: " بۆچ؟ بەڵێ دەیبینم، چی لەو دەستماڵەدایە؟  "

حەسەن گوتی: " لەو دەستماڵە سپییەدا دەواتێکی گران بەهای بێ وێنەی تێدایە، ئەو دەواتە لەزێڕی پاڵفتە و گەوهەر دروستکراوە، سەیری ئەوەی لای راستی خەلیفە بکە، وببینە کەچۆن شمشێری گەوهەرنیشانی خەلیفە هەڵدەگرێت، ئەوە بەیەکێ لە کارمەندە پلەبەرزەکان دادەنرێت، سەیری دەوری ئەسپەکەی خەلیفە بکە، و ببینە دەیان منداڵ لەوناوەدا هەیە، ئەو منداڵآنە پشتێنیان بەستووە و شمشێرەکانیشیان بەناوقەدیانەوەیە، ئەوانە نێزەیان بەدەستەوەیە، لەنزیك ئەسپی خەلیفەوە دوو خولآمی سەقلەبی دەبینرێت کە باوەشێنیان بەدەستەوەیە، و باوەشێنی خەلیفە دەکەن "

عومــەر گــوتی: "مــن ســوارێك دەبیــنم، كەبــەرگێكی گــران بــەهای لەبەردایەبـەملاو لادا دەچێت وفەرمانـدەكان وابكـەن.. یا وا مەكـەن..ئـەوە كێیە؟ "

حەســەن گــوتی: " ئــەوە والــی قاهیرەیــە، ئەورێكخــەری كەژاوەكەیــەو دەیـەوێ بـەرێك وپێكـی بـەرێوە بچێـت،و چـاودێری دەكـات تـا كەژاوەكـە بەئاسانی بڕوات، وبەرگری لە قەرەباڵخی بكات.

سـەیرێكی ئەوكەسـانە بكـە كـە لەپشـتی سـەری ئەسـپەكەی خەلیفـەوەن، و ببینه كه چۆن ژمارەیەك لەومنداڵانەی كه {منداڵانی كـەژاوەی خەلیفـە}یان پـێ دەڵێن و دەبینـرێن، ئەوانـە لـەجیاتی ئـەوەی شمشـێر بەدەسـتەوە بگـرن ئاڵاگــەلێكیان بەدەســتەوە گرتــووە كــە لەئاورێشــم درۆســتكراوەو ئــەم دەســتەواژەیان لــێ نووســراوە:{نێــر مــن الله و فــتح قریــب}.ئـو منداڵــە ئاڵابەدەسـتانە ژمارەیـان بیسـت كەسـێك دەبێـت، ئایـا ئـەو دەسـتەواژانەت نەخوێندۆتەوە كەلەسەر ئاڵاكان نووسراون؟ "

عومــەر پێكــەنی و گــوتی: جــامن خوێنــدەواریم لــەكوێ بــوو تــا بیــان خوێنمـەوە؟ بـاوكم رازی نـەبوو بمخاتـە قوتابخانـەی {ئەزهـەر}ەوە، چونكـە خوێنـدن لەوقوتابخانەیـەدا لەسـەر مـەزەبی شـیعەبوو، بـاوك و خزمانیشـم شوێنكەوتەی مەزەبی سوننین... "

حەسەن قسەكەی پـێ بڕی و گوتی: " ئێستا دەتوانی بڕۆیتـە قوتابخانـەی {ئەزهـەر}ە وە، خـۆت خوێنـدەوار بكـەیت، چونكـە سـەلاحەددین شـێوەی خوێنـدنی لـەو قوتابخانەیـەدا گۆڕیـوە، و ئێسـتا بـەپێی هـەموو مەزەبـەكان دەرس دەخوێنرێت، نەك تەنیات یەك مەزەب. "

عومەر گوتی: " تازە من تەمەنم تێپەڕی كرد، ئایا لەتەمەنی چڵ ساڵی و بەرەو ژوورترەوە ئینسان فێری خوێندەواری دەبێت؟ هاوچەشنی من ئیتر نابێ لەبیری خوێندن و رۆیشتنە قوتابخانـەدا بێت، و ئـەوە بۆ منداڵـەكانی ئــەنجام بــدات، پــێم بڵــێ بــزانم ئەویــەك نەفــەرەی دەیبینــین كێیــە؟ خــۆ كەژاوەكەی لەكەژاوەی خەلیفە شتێكی كەمتر نییە، من دەبینم پۆشاكی ئـەو لەپۆشاكی خەلیفە باشتر تر و گران بەها ترە!! "

حەسەن گوتی: " ئـەوە سـەلاحەددینی وەزیـری خـاوەن راو تـەگبیرە، ئـەو زێڕە گران بەهایانەی بە بەرگەكانی ئەوەوەیە خەلیفـە سـێ سـاڵ لەمەوبـەر

بەدیاری پێی بەخشی، ئەوانەش بەو شێوەی دەیانبینی بریتین لـە عەبایـەکی سپی گەردن زەرد و جبەیـەکی بـەنرخ، تەماشـای لاملەکـەی بکـە، ئایـا ئـەو کەوانە گەوهەرینەی دەوری ملی دەبینی؟ ئەوە بایی دەهـەزار دینـار زیـاتر زێـڕی پێوەیـە، شمشـێرێکی گـران بـەهایش بەتەنیشـتیەوەیە و بـایی پێـنچ هـەزار دینـار زێـڕ دەبێـت، تـەنیا ئەسـپەکەی بـایی هەشـت هـەزار دینـار دەبێت، زینێکـی زێڕین بەسـەر ولاَخەکەیـەوە دانراوە، و دوو سـەد پارچـە زێـڕ و گەوهـەر بـەزین و هەوسـار و لغـاو ی ئەسـپەکەوەیە، سـەیری پێیـەکانی ئەسـپەکەی بکـە، دەبینـی بـەدەوری هەرکامیانـەوە ئەڵقەیـەکی زێڕینی تێکراوە، و بەسەر ناوچاوانی ئەسپەکەیەوە تـەوقێکی زێڕین هەیـە کـە ئـالاَی بچـووکی سـپی رەنگـی لەسـەر دانـراوە، ئـەوە ئەسـپی سەلاحەددینە، ئەو لە خەلیف زیاتنر بەرێز وبەهەیبەتە، سەیری بکە وببینە چـۆن شـوێنەواری نەجابـەت وخانـەدانی و ئـازایی لـەنێوچاوانیا دیـار وئاشکرایە، و هەرکەس ئەوببینێ سەری رێز و حورمەتی بۆ دادەنـەوێنێ، لە راستیدا ئەمڕۆ هەموو کارەکان لەژێردەستی ئەودایـە، بـەوجۆرەی باسم کرد فەرمانی ئەو زۆر بەزوویی جێبەجێ دەکرێت، سەیری ئەو کەسانەی تر بکە کە جل وبـەرگیان لەوێنـەی بەرگـەکانی سـەلاحەددینە پێوەیـە، لـەناو ئەوانـەدا ژمارەیـەك لاوی ئـازا و پاڵـەوان هەیـە، کەدەسـتەی پـارێزەری ئـەون، لەپشـت سـەری ئەوانیشـەوە کەسـانێك هـەن کـە تـەپڵ و سـەنج وشەیپوور لێ دەدەن، لەدوای کەژاوەی وەزیرەوە کۆمەڵی نێزە بـەدەستان دێن، سەیرکە چ نێزەیەکی جوان و بەنرخیان پێیە! ئەوانـەش زرێ پۆشـن، و دەڵێن: کاتی خۆی حەزرەتی حەمزە لە جەنگا زرێی لەبەر کردووە "

عومەر بەتەواوی سەرسامییەوە گوێی بۆقسەکانی حەسەن گرتبوو، کـاتێ ناوی حەمزەی بیست تەکانێکی خواردو هاواری لێ بەرزبووەوە: "زرێـی کام حەمزە، حەمزەی ئەسەدوڵلا کوڕی { عبد المطلب}ی مـامی پێغەممـەر درودی خوابی لێ بێ؟

حەسەن گوتی: " بەڵێ، ئاوها دەڵێن، ئیتر کاتی ئەوە هاتووە من بـەکورتی قسـەی خـۆم بکـەم، و بڵێم: لەبـەر ئـەوەی کەژاوەکـە زۆر درێـژ و دوورە، سـەیری پشـتی کـەژاوەی وەزیـر بکـە و ببینـە دەسـتە دەسـتە سـەرباز کـە ژمارەیـان لەچوارهـەزر کـەس زیـاتر دەبێـت، و لـەتاقم وتـوخمی جۆراو جـۆری تـورك و کـورد و دەیلـەمی، و رەگـەزی تـر پێکهـاتوون، بەرێکخراوەیی دەێن بەرێدا "

عومەر گوتی: پەلەمەکە، توبیتو خوا پێم بڵێ ئەوسوارەی کە لەپەنای سەلاحەددینەوە وەستاوە و بەرگێکی گران بەهای پۆشیوە کێیە؟ "

حەسەن گوتی: " ئەوسوارە یەکێ لەدۆستانی نزیکی سەلاحەددینە، وئەو زۆر خۆشی دەوێت و ناتوانێ کاتێ لێی دوور بکەوێتەوە، ئەوسوارە ناوی عیمادەددینە.. "

عومەر گوتی: " ئەرێ تۆپێم ناڵێیت ئەمانە هەراویێك لەخۆیان دەنێن بۆچ وشەی دینی پێوە دەنێن؟ لەم تاقمە سێ نەفەریەی ناویانت بۆ من باس کرد هەموویان وشەی دینیان پێوەیە: نورەددین، سەلاحەددین، نەجمەددین، ئەوا ئەمیش هەر {عیمادەددین}ە. "

حەسەن گوتی: " ئەمانە بەوشێوەی سەرنجت دا ناو لەخۆیان دەنێن بەوهیوایەی واقیعیان لەتەك واتای ناوەکانیان یەکبگرێت.. "

ئەوا رۆیشتنی کەژاوەکە گوەیشتە کۆتایی و من ئەوانم بەتەواوی بۆ تۆ شرۆفە کرد، و ئیتر تکات لێدەکەم ئیجازەی من بدە تا بەجێت بێڵم.. "

عومەر گوتی: " خۆش هاتی و خوا بتپارێزێ ".

ئەو دوانە لێکجودا بوونەوە و رۆیشتن، کەژاوەی خەلیفەو کەژاوەی سەلاحەددین لەدەروازەی {الفتوح}ەوە رۆیشتنە دەر، و رۆیشتنی خۆیان درێژە پێدا لەگەڵ ئەوەدا کە خەڵکی بە سواری و بە پیادە کەوتبوونە شوێن ئەوان، هەندێ کەسیش بەسەر بانەکانەوە سەیری کەژاوەکەیان دەکرد، تەپوتۆزیش لەوناوەدا بەرزبووبوەوە و هەوای تاریك کردبوو..

# # #

## گەیشتنی نەجمەدین:

بەوشێوەیە کەژاوەکە دەبزوا تاگەیشتە مزگەوتی تەبر {لەدوای حسەینییەکەوە}، هەموو نیشانەکان ئەوەیان پیشان دەدا کە بەم زوانە نەجمەددین دەگاتە بەرەوە، بەڵێ، هەروا بوو زۆری نەخایاند کەژاوەی نەجمەددین گەیشت، دەست بەجێ نەجمەددین بۆ رێزنان لەخەلیفە لەسەر ولاَخەکەی خۆی دابەزی و پیاوانی نەجمەددینیش هەمان کاریان کرد، شەمسەددینی برای نەجمەددینیش بەهەمان شێوە لە ئەسپەکەی دابەزی.

سەلاحەددین بەپیادە بەرەو پیری باوکی رۆیشت و دەستی ماچ کرد، ئەویش ناوچاوی کوڕی خۆی ماچ کرد، کاتێ نەجمەددین کەژاوەی شکۆمەندی سەلاحەددین وبەرگی گران بەهای ئەوی بینی، و دیتی لە چ پایەو پلەیەکدایە لەخۆشیدا فرمێسك بە چاویا هاتە خوار و زۆر سوپاسگوزاری خوا بوو..

نەجمەددین پیاوێکی ژیر و دانا بوو، بۆیە رۆیشت دەستی خەلیفەی ماچ کرد، و گوێڕایەڵی و فەرمانبەرداری خۆی بۆ دەربڕی، و خەلیفەش ئەوی خستە بەر لوتف عینایەتی خۆیەوە، بەلاَم خەلیفە لەسواری ئەسپەکەی دانەبەزی، وپاش ئەم پێك گەیشتنە کەژاوە بەرەو لای کۆشکی خەلیفە گەڕایەوە.

نەجمەددین سوار ئەسپ بوو، لەپەنای کوڕەکەی خۆیەوە سەلاحەددین بەرێکەوتن، لەنزیکی ئەوانیشەوە عیمادەددین شوجاعی لاو بەسواری رێی دەکرد، نەجمەددین و سەلاحەددین ماوەیەك پێکەوە قسەیان کرد، قسەکردنی ئەوان بە زمانی کوردی بوو کەخەلیفەو پیاوانی ئەو نەیاندەزانی، بەشی زۆری قسەکانیان لەبارەی نوورەددینی فەرمانرەوای شام و خەلیفە عازیدی میسرەوە بوو.

پێش خۆرئاوابوون کەژاوە گەیشتەوە کۆشکی گەورەی رۆژهەلاَتی، ئەم کۆشکە یەکێ بوو لەدە کۆشکە ناودارەکانی شار، کە بریتی بوون لە: کۆشکی زومەررەد، و کۆشکی موزەففەر، و کۆشکی ئیقباڵ، و کۆشکی دەریا، و کۆشکی حەرەمسەرا،و کۆشکی وەزارەت، و کۆشکی میوانان، و کۆشکی زێڕ، و کۆشکی بیابان. کۆشکی گەورەی رۆژهەلاَتی تائێستاش شوێنەواری ماوەو کەوتۆتە باکووری رۆژهەلاَتی شاری قاهیرەی کۆنەوە، کەوتۆتە نێوان هەردوو دەروازەی {الفتوح}ەوە. ماڵی قازی، و

ماڵی خەلیلی، و حەمالیە، و نەحاسییەش هەر لەوناوەدایە، ئەم کۆشکەیش هەر بەو بۆنەوە پێی دەگوترا شەرقی.. کۆشکێکی بچکۆلەش لەبەشی رۆژئاوایی ئەم کۆشکەوە بوو، و لەنێوان ئەم دوو کۆشکەدا مەیدانێ بوو کە پێی دەگوترا: مەیدانی دوو کۆشك، لەپشت کۆشکی خۆرئاواییەوە بەلای رۆژئاوادا باخێکی گەورەو خۆشی لێ بوو کە پێی دەگوترا باخی کافوور، بەشی رۆژئاوای ئەم باخە کەوتبوە سەر کەنداوی قاهیرەوە، و کەناری ئەم کەنداوەش بەشوێن پیاسەی خەلیفەکانی فاتمی دا دەنرا..

لەنێو باڵەخانەکانی کۆشکی رۆژهەلاَتیدا کۆشکێك بوو پێیان دەگوت: کۆشکی زێر، لەهەر هەفتەیەکدا رۆژانی دوو شەممە وپێنچ شەممە خەلیفە لەکۆشکی زێرِ دادەنیشت، و سەیری سکالاَی خەڵکی دەکرد، کەژاوەکە لەنزیکی ئەم کۆشکەوە وەستا..

خەلیفە لەئەسپەکەی هاتە خوارەوە و رۆیشتە هەیوانێکی گەورەوە کە تایبەتی پێشوازیکردن بو، وپێی دەگوترا:هەیوانی زێرِ.. خەلیفە لەسەر قەنەفەیەکی زێرِین دانیشت کە لەپێشەوەی هەیوانەکە دانرابوو..

بەسەر قەنەفەکەوە پەردەیەکی تان و پۆ زێرِین هەبوو کە پێنچ سەد و شەست پارچە گەوهەری نرخداری رەنگاو رەنگی پێوە کرابوو.. "

لەسەر قەنەفەکەوە چەترێکی زێرِین هەبوو کێشەکەی دوانزە کیلۆ دەبوو، بەشی زۆری دیوارەکانی ئەم هەیوانە پەردەی ئاوریشمی تان وپۆ زێرِینی پیادرابوو، هەرکەس برۆیشتایەتە ئەو هەیوانە گەورە و رازاوەوە وای دەزانی لەدنیای خەو و خەیاڵدایە.. پاش ئەوەی خەلیفە لەسەر قەنەفەکە دانیشت سەلاحەددینی وەزیریش هاتە ژوورەوە، و لەسەر قەنەفەیەکی تایبەت بەخۆی دانیشت..ئەو رۆژە خەلیفە رێی نەدا هیچ کەس بروات سەردانی بکات، چونکە تایبەتي کردبوو بۆ نەجمەددین.

نەجمەددین بە سەرو رووی ویقار و گیرا {جەززاب}ی خۆیەوە کە هەیبەت وئازایی و جوامێری لێ دەباری، گەیشتە هەیوانەکە، وسلاَو ورێزی پێشکەش کرد، خەلیفەش بەتەواوی لوتفەوە وەلاَمی دایەوە و هێمای کرد کەلەسەر قەنەفەیەکی تەنیشتی خۆیەوە دابنیشێ. نەجمەددین بەرێزەوە لەسەر قەنفەکە دانیشت، لەوەپێش عادەت وابوو هەروەزیرێك برۆیشتایە بۆلای خەلیفەیەکی فاتمی دەبوا دەست وپێی ماچ بکردایە،

سـەلاحەددین ئـەم کـارەی نـەکرد و نەیشـی هێشـت نەجمـەددینی بـاوکی کارێکی وا بکات، بەلاَم خەلیفە لەم کارەی ئەوان سەری سوڕنەما..

لەناو هەیوانەکەدا کەسێکی بەتەمەن بوو کە کەرەنگی بـەرووەوە نـەمابوو، هەوڵی دەدا بەلاَم کـەس بایـەخی پـێ نـەدەدا، سـەلاحەددین پێـی زانـی دیتـی ئەمە یەکێك لـە ئـەمیران وخزمـانی خەلیفەیـە، کـاتێ کـە هـەموو دانیشـتن و خەلیفـە دەسـتی بـە وتـار کـرد، ئـەو لەوکاتـەدا تەمـەنی بیسـت و یـەك سـاڵ نەدەبوو، لەکاتێکا ئەو دەساڵ پێشتر لـەسەر تەختی پاشـایی دانیشـتبوو، واتـە لەساڵی 556ی کۆچی لەتەمەنی یانزە ساڵیدا ئەو لـەسەر تـەختی خەلیفـەیی دانیشـتبوو، لەگـەڵ ئـەوەدا کەتەمـەنی لـە بیسـت و یـەك سـاڵ تێنەدەپـەڕی، رواڵەتی لەپیاوێکی چل ساڵاَن دەچوو، چونکە تووشـی گۆبەنـدێکی زۆر و رووبـەڕووی خـەم وپەژارەیـەکی زۆر بووبـوو. هـەرکات کـە چـاوی بەسـەلاحەددین دەکـەوت پەشـیمان دەبـوەوە کـە: بـۆچ داوای کۆمـەکی لەنوورەددینی زەنگی کردووە !..

# # #

## شاباشی خەلیفە بۆ نەجمەدین:

کاتێ ئامادەبووان دانیشتن خەلیفە رووی کردە نەجمەددین و گوتی: " هیوادارم لەدرێژی رێگەکەدا تووشی زەحمەت ونارەحەتی نەبووبیت. "

نەجمەددینیش گوتی: " قوربان! من لەم سەفەردا تەواو رەحەت بووم، بەتایبەت ئارەزومەندیم بۆ زیارەتی حەزرەتی خەلیفە، هیچ ماندووبوونێکی لەجوستەمدا نەهێشت.. "

خەلیفە زەردەخەنەیەکی دەستکردی خستە سەر لێوانی و گوتی: " زۆر بەخێرهاتی...و فەرمانم داوە {کۆشکی مرواری }کە جوانترین کۆشکی ئێمەیە بۆمانەوەی ئێوە ئامادە بکەن، وهیوادارم ئێوەش لەوێدا مانەوەیەکی خۆش بەسەر بەرن.. "

نەجمەددین سوپاسگوزاری خەلیفەی کرد، و سەلاحەدینیش گوتی: هاتنە دەرەوەی جەنابی خەلیفە بۆ پێشوازی باوکم تا دەرەوەی شار لەراستیدا پیشاندانی گەورەیی خۆتان بوو لەگەڵ گەورەترین لوتف و میهرەبانی بۆ بچوکی خۆتان کە تا گیانم تیابێ لەبیرم ناچێتەوە، و ئێمە لەهەر کوێ بین بێوەیی و تەمەندرێژیتان لەخوا داواکارین.. "

خەلیفە لاچەناکەی خۆی خوراند و عەسای خەلافەتی گرتە دەست و سەرنجی ئەوی داو نەرمە کۆکەیەکی بۆ کرد و رووی کردە نەجمەددین و گوتی: دۆستی ئێمە نورەددینی ئەتابەك وەزعی چۆنە؟

نەجمەددین بەتەواوی ئەدەب و رێزەوە گوتی: حاڵی ئەو زۆر باشەو منی راسپارد تا سلاَو و رێزی ئەوتان بەخزمەت بگەیەنم.

خەلیفە گوتی: من لەدۆستی ئەو خۆشحاڵم و هیوادارم ئەو دۆستییەش بەردەوام بێت.

نەجمەددین گوتی: " قوربان دۆستی جەنابتان بۆ ئەو دەستکەوت و شەرافەتێکی گەورەیە، و منی راسپارد تا عەرزی جەنابتان بکەم کە خۆی و پیاوانی ئامادەن لەپێناوی خەلیفەدا گیانی خۆیان ببەخشن، وبەوجۆرە بەرگری لەحەق وحەقیقەت و دادگەری بکەن.. "

خەلیفە پاش کەمێك خۆگری دەستی بۆ سەلاحەددین راکێشا و گوتی: " لەگەڵ بوونی کورِی ئازاو فیداری کاری ئێوەدا گومان ناکەم پێویستمان بە کۆمەك ویارمەتی کەسێکی تر هەبێت.. "

نەجمەددین گوتی: قوربان! کورِی من یەکێکە لەخولاَمەکانی جەنابت، و ئەو لەهیچ جۆرە گیان بازی و فیداکارییەك بەرامبەر بەجەنابتان درێغی ناکات "

خەلیفە دەستی بۆ گەردنی خۆی برد، وتەوقێکی گەوهەرنیشانی لەگەردنی کردەوە - کەلەو تەوقە دەچوو کاتی خۆی بە سەلاحەددینی بەخشیبوو - و بەدەم بەخەندەیەکەوە پێشکەش بە نەجمەددینی کرد و گوتی: ئەی فەرماندەی ئازا! ئەمە دیاری ئێمەیە بۆتۆ تاهەمیشە ئەم دیدارەت لەیادبێ، و دیاری و بەخششی خۆشمان رەوانەی کۆشکی مرواری دەکەین بۆتان، هەروەها زەوی و زارێکی بەپیتیشتان پێ دەبەخشین، ئێوە شیاوی زیاتر لەو شتانەن.. "

نەجمەددین بۆ حورمەت و رێزی خەلیفە لەجێی خۆی هەستا و تەوقەکەی لەدەستی خەلیفە گرت و پاشان تەوقەکەیشی ماچ کرد، بەبەرۆکی خۆیدا هەڵی واسی و گوتی: قوربان! ئێوە بەخششگەلێکتان پێ بەخشیم کەمن شایستەیان نەبووم، ئەو لەقەبەی کەبەمنتان بەخشی زۆر زیاترە لەتواناو مافی خۆم... " خەلیفە قسەکەی پێ برِی و گوتی: ناوی تۆ لەمەولا مەلیك فازیل و کورِەکەشت مەلیك ناسر دەبێت.. "

نەجمەددین جارێکی تر هەستایە سەرپێ و سوپاسی خەلیفەی کرد و پێزانینی خۆی بۆ دەربرِی و لەجێگەی خۆی دانیشتەوە. کەی

سەلاحەددین سەرنجی پیاوێکی بەساڵاَچووی دا کەلەناو کۆرِەکە دانیشتبوو، و پێشتر باسمان کرد دیتی نیشانەی بییرکردنەوەو خەیاڵاَت لەچارەیا دەبینرێ، ولەچاوەکانیەوە دەدرەوشێتەوە.. خەلیفە کەدی واسەلاحەددین سەرنجی ئەو پیرە مێردە دەدات ئاوهای گوت: " پێم وایە {شەریف ئەبول حەسەن} نا ناسیت؟ ئەو یەکێکە لە مامەکانی من، ئەو لەسەفەر بووە وتازەکی گەراوەتەوە.. هەرلەویا خەلیفە رووی کردە ئەبول حەسەن وگوتی: پێم وانییە پێویست بێ تەعریفی وەزیری ئازای خۆم سەلاحەددینت بۆ بکەم؟ " ئەبول حەسەن بۆ ئەم پێناساندنە بەهێمای سەر وچاو سوپاسی خەلیفەی کرد، و دانەوییەوە وەك ئەوە بەنیازبێ

لـەجێی خـۆی هەسـتێت، ئینجـا سـەلاحەددین گـوتـی: " ئاشـنـایی بـوونم بـە ئەبول حەسەن زۆر مایەی دڵخۆشیمە، بەتایبـەت کـە ئـەوان خزمایەتییـەکی نزیکیشیان لەگەڵ خەلیفەدا هەیە ".

لەوماوەیـەدا نەجمـەددین بـەوردی سـەرنجی ئـەبول حەسـەنی دەدا، و لەنیشانەی زیرەکی و فێڵبازییەك کەلـەچارەی ئـەوا دەبینـرا هیچ سـەر سام نـەبوو، و پێـی بـێ بایـەخ بـوو، و رووی کـردە خەلیفـەو سوپاسـی بـۆ ئـەم پێناسینەی پێشکەشکرد.

پاش ئەوە عازید عەسای خەلافەتی خستە سەر پشتییەکەی و ئامادەبووان لـەم بزوتنەوەیدا دەرکیـان کـرد کـاتی ئـەوە هـاتووە بـەجێی بـێڵن و دەوری چۆڵ بکـەن، بۆیـە نەجمـەددین ئیجـازەی وەرگـرت کـە بـڕوات تـا خەلیفـە پشووبدات، پـاش ئیجازە وەرگـرتن مـاڵ ئـاوایی وخـوا حـافیزی لـە خەلیفـە کـرد و هـەسـتا، پـاش ئـەویش سـەلاحەددین رۆیشـتە پێشـەوەو خـوا حـافیزی لەخەلیفـە کـرد، وای پیشـاندا وەك ئـەوە ببیـەوێ دەسـتی خەلیفـە مـاچ بکـات بـەلاَم خەلیفـە بەشـێوەی لوتـف وموجامەلـە دەسـتی دەباتـە دواوە و نایـەڵێ ماچی بکات..

# # #

## کۆشکی مرواری:

نەجمەددین وسەلاحەددینی کوڕی لە کۆڕی خەلیفە ڕۆیشتنە دەروە، و لەتەك سوارەکانی خۆیانا کەلەدەرەوەی کۆشك چاوەڕوانیان بوون پێکەوە بەرەو کۆشکی مرواری ڕۆیشتن، یەکێك لەناوسوارەکاندا عیمادەددینی ئازا و لاوچاك بوو، سەلاحەددین لەبەر ئەوەی کەهەستی بە دلێری وبێباکی ولێهاتوویی ئەودەکرد بایەخی زۆری پێ دەدا ولوتفی زۆری لەتەکا دەنواند، لەراستیدا عیمادەددین لەسەرەتای تەمەنی لاویدا و یەکێ لە گیانفیداکانی سەلاحەددین بوو، کەبۆ ئەنجامدانی کارێکی گرنگ نەبووایە لێی دا نەدەبرا..هەرکەس عیمادەددینی ببینیایە کەمەندکێشی زیرەکی و ئازایی و یەکروویی لاوچاکی ئەو دەبوو، کاتێ سەلاحەددین لەکۆشکی خەلیفە هاتەدەر دەنگی هەڵبری و گوتی: عیمادەددین لەکوێ یە؟ ئەویش خێرا خۆی گەیاندە سەلاحەددین و چاوەکانی زووتر لە زمانی بەڵێی عەرز کرد، عیمادەددین بەرگێکی تایبەت بە هێزی سەلاحەددینی لەبەرابوو، ئەوپۆشاکەش بریتی بوو لە یەك شەڵواری کورت، وپشتێنێکی چەرمینی پان، وچاکەتێکی مەیلەو زەرد و مێزەرێکی بچووکی جوان،و شمشێرێك بەلاتەنیشتییەوە، و خنجەرێکیش بە بەرۆکیەوە.. کاتێ گەیشتە بەردەم سەلاحەددین لەبەرامبەریەوە وەستاو عەرزی کرد، فەرموو گەورەم! سەلاحەددینیش پێی گوت: خەلیفە کۆشکی مرواری بۆ جێی مانەوەی باوکم دیاری کردووە، وەرە بابڕۆین بۆ ئەوێ، منیش لەتەك ئەواندا لەوێ دەمێنمەوە. "

پاش ئەوە کەژاوەی نەجمەددین وسەلاحەددین بەرەو کۆشکی مرواری بەرێکەوت، و مەیدانێ کە لەنێوان هەردوو کۆشکدا بو بڕییان وبەپەنای کۆشکی خۆرئاواییدا تێپەڕین ، وگەیشتنە باخی کافوور، و لەوێش تێپەڕین، و گەیشتنە کۆشکی مرواری کە بەسەرلای ڕۆژئاوایی کەنداوەکەدا زاڵبوو، لەپشتی کەنداوەکەوە لەلای ڕۆژئاوایەوە گۆمێك بوو کە پێیان دەگوت: " سکی گا- بطن البقر"، لەپشتی ئەویشەوە باخی مقەسی و زەوی تەباڵە هەبوو، کە ئێستا پێی دەگوترێ:{فجالە و دەروازەی شعریە}، لەپشتی ئەویشەوە گۆمی ئۆزبەکیە بوو تا ڕێڕەوی ڕووباری نیل..

ئەم کۆشکی مروارییە پێشیان دەگوت: کۆشکی مەنزەرە، یەکێ بوو لەجوانترین کۆشکەکان و شوێن پیاسەی شاری قاهیرە، باخی ئەم کۆشکە

گەیشتبوە سەر لێواری کەنداو، و لەوێدا هەمووجۆرە گوڵێکی رەنگاو رەنگ و درەختێکی میوەی تیابوو، لەوکۆشکەدا ساڵۆن و ژووری جۆراو جۆر و قەشەنگ هەبوو، و بەجوانترین جۆری فەرشی گرانبەها رایەخ کرابوو، پەردەکانی لەئاورێشمی تان وپۆ رەنگ زێرین بوو، قاپ و قاچاخی لە عاج وکانزای گرانبەهابوو، لەناوباخی کۆشکەکەدا سەدان پەلەوەری ماڵی و خۆش ئاوازی تیا بوو، کە هەندێکیان لەناو قەفەس وهەندێکیان ئازاد بوون..

لەکەناری لێوارەی کەنداوەکەوە چەند قەنەفەیەکی لێ دانرابوو، کە پشتی وگۆشەی رەنگ زێرِینی لەسەر دانرابوو، و بەسەر هەر قەنەفەیەکەوە چەترێکی تایبەت بەخۆی هەڵدرابوو تا لە تیشکی خۆر بیپارێزێ، لەواقیعدا هەموو شتێکی کۆشکی مرواری جوان ودڵگیر بوو، جێی سەر سوورمانیش نییە چونکە ئەو کۆشك وباخ و سەیرانگایانەی خەلیفەکانی فاتمی بەبەرهەمی سەرەتای حکومەتەکەی ئەوان دادەنرا ..

کەژاوەی نەجمەددین وکەژاوەی سەلاحەددینی کوڕی گەیشتە کۆشکی مرواری {مەنزەرە}، خولاَم وخزمەتکارانَ کە خەریکی بوخورداگیرساندن وگولاَو پژان بوون، پێشوازی گەرمیان لە سەلاحەددین و باوکی کرد، و ئەوان وهەندێ لەپیاوانیان رۆیشتنە ناو ساڵۆنە گەورەکەوە، بۆ پشوودان نزیکەی سەعاتێك لەوێ دانیشتن، وباسی سەفەرو زەحمەت و نارەحەتی رێگایان دەکرد، لەناو باسەکەشیاندا باسێکی {خاچ هەڵگرەکان} هاتە پێشەوە کە هەندێ ناوچەی فەلەستین وسوریەیان داگیر کردبوو، و فەرمانرەواییان تیا دەکرد..

کە رۆژ ئاوابوو، و سفرە راخرا، و نانی شێو دانرا، و نجمەددین وسەلاحەددین وهەندێ لە دۆستانیان پێکەوە نانیان خوارد.. پاش تەواو بوونی نانی شێو، هەریەك لەپیاوانی نەجمەدین رۆیشتە ژووری خەوی خۆیەوە، کە لەناو کۆشکەکەدا بۆیان دیاری کرابوو، ئیتر نەجمەددین وکورِەکەیان بەتەنیا جێ هێشت تا بواریان بدەن، چون دەیان زانی کە نەجمەددین بۆ کارێك هاتووە بۆ میسر تالەوبارەوە لەتەك سەلاحەددینا قسەی خۆیان بکەن..

نەجمەددین بەتەنیا لەتەك کورِەکەیدا لەو ژوورەی کە بەمۆمی گەورەو بالاَبەرز رۆشن کرابووەوە مایەوە، نەجمەددین لەکۆشکەکانی قاهیرەدا

شـتی گـران بـەهای سـەیری دەدی کەلـە کۆشـکەکانی دیمشـق وشـامدا نەیدیبوو.

کـاتێ نەجمـەدین بەتـەنیا لەتـەك سـەلاحەددیندا مایـەوە، شـانی خستە سـەر سەرینەکەو هێمای بۆکرد کەئەویش لەبەرامبەریەوە دابنیشـێ، هـەردوکیان پۆشـاکی فـەرمییان لەبـەرخۆیان داکەنـد و پۆشـاکی خـەوتنیان پۆشـی، نەجمەددین شیشەیەکی بەدەستەوە بوو کە زۆرچاودێری لێ دەکرد..

کاتێ دانیشتن نەجمەددین گوتی: کورم، سەلاحەددین! لـەم رووەوە کـە لای ئەو پیاوە {مەبەستی خەلیفەبوو}پلـەو پایـەو نزیکییـەکت بەدەستهێناوە زۆر خۆشـحاڵ بـووم، بـەلاَم بـەوجۆرەی سـەرنجم دا تـۆ زیـاد رێـز لـەوناگری، لەکاتێکا ئەو خۆی بەخەلیفەو شا دادەنێت!!

سەلاحەددین بزەیەك گرتی وگوتی: بابە گیان! لەم رووەوە کەئەو خۆی بـە خەلیفـەو شـا دادەنێـت ترسـێکت هەیـە؟!مـن خـۆم بـاش دەزانـم کـە ئـەو شوێنکەوتە و فەرمانبەرداری منە. "

نەجمـەددین قسـەکەی پـێ بـڕی و گـوتی: تـا ئێسـتاش بەوشـێوەی کەئێمـە دەمانـەوێ جڵـەوی کـار نەکەوتۆتـە دەستمان، ئێمـەش جگـە لـە چـاودێری کردنـی عـورف و بـاوی کۆمـەڵگا چـارێکی ترمـان نییـە، لەگـەڵ ئـەوەدا کـە نـورەدین سـوورە لەسـەر ئـەوەو دەیـەوێ بەسـوودی خەلیفـەی عەبباسـی پەیمان لەتۆ وەربگرێت، من دەبینم تۆ لـە رق وقینـی عازید و لایـەنگرانی هێشتا ترس و خەمێکت هەیە!!

سەلاحەددین گوتی: بابەگیان! چ جۆرە ترس و نیگەرانییەك؟ "

نەجمـەددین گـوتی: مەگـەر نـوورەدین سـاڵێ لەممەوبـەر نامـەی بـۆت نەنووسی وهانی نەدایت بۆ ئـەوە لەسـەر مینبـەرەکانی جومعـەی قـاهیرەوە دوعـا بـۆ خەلیفـەی عەبباسـی بکـەیت وخـەڵکی هـەڵنێی بـۆ ئـەوەی پـەیمان وبەیعەت بـەو بدەن؟ بۆچ ئـەو داوایـەی ئـەوت جـێ بـەجێ نـەکرد و دوات خست؟! "

سـەلاحەددین کـەمێ بـۆی داچـوو بییـری کـردەوە و نیشـانەی بایەخـدان بەمەسـەلەکە لـە چارەیـا دەبینـرا، پـاش کـەمێك سـەری بـەرزکردەوەو بەمجۆرە بەباوکی گوت : من لەلایەکەوە بۆ موجامەلە دەعوەت دەکەیت،

و لەلایەکی ترەوە گلەییم لێ دەکەیت کە داخوازییەکەی نوورەدینم قبولَ نەکردووەو لەبارەی خەلیفەی عەبباسیەوە راگەیاندنێکم نەکردووە؟

من ئەگەر داوەکەی نوورەدینم قبوولْ بکردایە، دەبوا دەسەلاَ ت و فەرمانرەوایی عەبباسیەکانم بەسەر میسرەوە رابگەیەندایە، وکەوتنی فاتمیەکان و لەناوچوونیان. لای جەنابت شاراوە نییە کەئەنجامداتنی کارێکی وا لەسەر دەروونی ئەم خەلیفە بەسەزمانە چەند سەخت وکاریگەر دەبوو؟!

ئێمە لەمیسرا چیمان دەوێ؟.جگە لەوەی فەرمانمان گورج جێبەجێ بکرێت، و بەتەواوی لەسەرچاوەی فەرمانەوە زالْ بین..

ئێمە دەبێ ئیجازە بەم خەلیفە لاوە بدەین تا لەنازناوی خەلیفە و سوڵتانی خۆی دڵخۆش بێت، هەروەها خۆی بەخەلیفەی موسوڵمانان بزانێ، تا بزانین تەقدیر چی دەکات؟ ئێمە هەرکات بمانەوێ دەتوانین ئاغایی وفەرمانرەوایی خۆمان بەسەر میسرا رابگەیەنین، بەوجۆرەی منیش دەزانم جەنابتان پشتگیری تەواو لە رەوشتی عاقلاَنە و پێشرەوی کردنی لەسەرخۆ وهەنگاو بەهەنگاو دەکەن. "

نەجمەددین گوتی: "بەڵێ کورِی خۆم! بەلاَم نوورەدین لەم بارەوە زۆر هەتەری دەکات، چون ئەو بەڵێنی بەخەلیفەی بەغدا {موستەنجید بیللا}داوە، کەلەرسەر مینبەرەکانی میسرەوە ناوی ئەو ببرێ و دوعا بۆ ئەوبکرێت، پاش ساڵێ کە وەهاشتێك رووی نەدا خەلیفەی بەغا نامەی بۆ نوورەدین نووسیوە، وتیایا دوای روونکردنەوەی ئەو کارەی لێ دەکات، وائێستاش نوورەدین لەهەمان بابەتەوە نامەی بۆتۆ نووسیوە،و منی بۆلای تۆ ناردووە، تائەو نامەیەت پێ بگەیەنم کە بەمنا بۆی ناردوویت، نەجمەددین پاش ئەو پێشەکییە نامەکەی نوورەدینی دایە دەست سەلاحەددین.

سەلاحەددین نامەکەی وەرگرت و زۆر بەوردی خوێندییەوە، ولەبارەی ناوەرۆکیەوە زۆر بەدیققەت بیری دەکردەوە، بەتایبەت ئەم رستەیە زۆر سەرنجی راکێشا بوو:" تۆ دەبێ بەسوودی خەلیفەی بەغا راگەیاندن بەرپا بکەیت، بەڵێ، تۆ دەبێ پێش مردن فەخر وشەرەفی گەورەی وەها کارێك بەدەست بێنی، مەستم ئەوەیە خەڵکی میسر هان بدەیت بۆ ئەوەی لایەنگیری خۆیان بۆ خەلیفەی بەغا دەرببرِن!

سەلاحەددین ماوەیەکی نیسبەتەن درێژی لەخوێندنەوەی ئەونامەیەدا بە سەربرد و بەوردی سەیری دەکرد، نەجمەددین سەرنجی دا کورەکەی بووەتە گەمەیەکی دەستی ئارەزووەکانی دەروونیی، بۆیە رووی تێکرد و بەناوی خۆیەوەبانگی کرد:{یوسف}! ئەوە ناوی یەکەمی سەلاحەددینە..تۆچیت بەسەر هاتووە؟ و چ خەیالاَتێ بەزیهنتا دێت؟! "

سەلاحەددین گوتی:بابە گیان! ئەوبیرەی بەخەیاڵما دێت تۆ لێی بێ ئاگا نیت!!

نەجمەددین گوتی: کورِم! تۆ دەبێ خەڵکی میسر بانگ بکەیت بۆ لایەنگیری کردن لەخەلیفەی بەغدا، ئایا کارێکی وا بۆ تۆ دژوارو ناهەموارە؟! "

سەلاحەددین گوتی: نەخێر.. ..بەلاَم دەبینم کارێ کە بیری منی بەخۆیەوە مەشغوول کردووە تۆ بەدووری دادەنێیت!"

نەجمەددین گوتی: " لەمەبەستت تێگەیشتم، تۆ لەبارەی نورەددینەوە بییر دەکەیتەوە، و وادەزانیت ئەگەر خەڵکی لەمزگەوتەکانەوە بۆ بەیعەتی خەلیفەی عەبباسی هان بدەیت ولاَتی میسر دەلکێت بەشامەوە و دەچێتە ژێر دەسەلاَتی نوورەددینەوە.. یامەبەستت..."
سەلاحەددین بەبیستنی ئەو قسەیە چاوەکانی درەوشایەوەو قسەکانی باوکی بەم دەستەواژەیە برِی: " یا مەبەستت ئەوەیە ولاَتی میسر بەشی سەلاحەددین بێت؟"
نەجمەددین: بزەیەك گرتی وگوتی: تۆلەبارەی کارێکەوە کەدەبێ زیاتر بییری لێ بکەیتەوە پەلەدەکەیت. ئێمە لەپێش هەموو شتێکا دەبێ لەبییری بانگکردنی خەڵکی میسر دابین بۆ بەیعەتکردن بە خەلیفەی عەبباسی".
سەلاحەددین گوتی: "لەبارەی بەیعەتکردنەوە قسەدەکەین،بەلاَم تۆ لەوبارەوە بۆچوونی خۆتت دەرنەبرِی؟ "
نەجمەددین گوتی:" لەبارەی چییەوە من رای خۆم دەرنەبرِیوە؟"
سەلاحەددین گوتی: تۆ ئەوە باش دەزانی، بەلاَم دەتەوێ لەزاری منەوە بیبیستی، مادام وایە باشە خۆم بۆت باس دەکەم، بەلاَم بێ زەحمەت باش گوێ بەقسەکانم بدە، من بەهۆی سیاسەتی خۆم و زۆر ی شمشیری مامەم وپاشان خۆم توانیومە کاروباری میسر بگرمە دەست، نوورەدینیش لەناو کۆشکی خۆیا لەشاما دانیشتووە،و ولاَتەکەی پان وپۆرِە و ویلایاتی زۆرە،

وئایا ئەمە بەریشی کێ رەوایە میسریش بەشی نوورەدین بێت، وئیمەش بەفەرمانبەرداری و فەرماندەی ئەو بمێنینەوە؟! نوورەددین چی لەئێمە زیاترە؟ ئایا ئەو بەپووڵی خۆی ئێمەی کڕیوە؟ ئێمە خولاَم وبەندەی ئەو نین، ئێمە فەرماندەین، میسر بەبێ من مومکین نییە تەسلیم ببێت، و منیش لە کاتێکا ئامادەم بەیعەتی خەڵکی میسر بۆخەلیفەی عەبباسی وەربگرم کە میسر لەژێر دەسەلاَتی خۆمدا بێت، نەك لەدەستی نوورەددیندا."([1])

کاتێ سەلاحەددین قسەکانی خۆی تەواو کرد شوێنەواری رق وتووڕەیی لەرواڵەتیا دەبینرا، وسەیری رواڵەتی باوکی کرد تا بزانێ رای باوکی لەوبارەوە چییە؟ نەجمەددین بزەیەك گرتی و گوتی:" ئافەرین کوڕم! تۆ ئاغایی وسەرداریت دەوێت، بەراستی شایانی ئەوەیت، بەلاَم هەرشتێ کاتی خۆی هەیە."

سەلاحەددین گوتی: من ئەوە دەزانم بەلاَم دەمەوێ لەم بارەوە رای تۆ بزانم، ئایا مافێکی وەهام نییە؟

نەجمەددین  بزەیەکی توانج ئامێزی گرت و دەستی بەریشی خویا هێنا و گوتی:" کوڕم! ماف واتە: هێز و دەسەلاَت، ئەوە رێسایەکە و پیاوانی سیاسەت پاڵی پێوە دەدەن و دەستی پێوە دەگرن، ئەگەر وانەبێ، دەبێ ئێمە لەم ولاَتە بڕۆینە دەرەوە، وبۆخەڵکەکەی خۆی بەجێ بێڵین، چونکە سولتانی ئەم ولاَتە لە نوورەددین ئەتابەکی داواکردووە کۆمەکی بکەن

[1] - لێرەدا پیویستە بڵێین: لە{ النجوم الزاهرە} دا دەڵێت: یەکەمجار شاوەری وەزیری عازید رۆیشت بۆ شام وداوای لەنوورەدین کرد کە فریای بکەوێت، و لەدەست لەشکرکێشی فەرەنگەکان رزگاریان بکات، ئەویش لەمانگی شەشی ساڵی **559** دا سوپایەکی بەسەرکردایەتی شیرکۆ نارد وسەلاحەددینیش وەك باسك و یارمەتیدەرو مشوورخۆری، کاتێ هاتنە میسر و فەرەنگییەکانیان راونا، شاوەر خیانەتی لێکردن، و ئەو بەڵێنەی دابووی بەچێی نەهینا، و ئەوان گەڕانەوە بۆ شام و میسریان بەجێ هێشت، بەلاَم جارێکی تر غەوغا لەناو میسرا دروست بووەو خەڵکی لەتاو باج و زەریبە تەنگیان پی هەڵچنرابو، ئیش وکار نەدەرۆیشت بەریوە، لەولایشەوە فەرەنگەکان هێرشیان هێنابوو، بۆیە شاوەر ناچار بوو جارێکی تر پەنا بباتەوە بۆ نوورەدین، نوورەدینیش دیسان سوپایەکی گەورەی ناردەوە بۆ یارمەتیدانیان و لە مانگی سێی ساڵی **562** کۆچیدا سوپاکە گەیشتە میسر، و فەرەنگەکانیان راونا،و باج وزەریبەیان لەسەر ئەوخەڵکە لابرد کە شاوەر دایتابوو، سەلاحەددین لەئەسکەندەرییە مایەوە، بەلاَم شاوەر بەسوپایەکی گەورەوە هێرشی بردە سەر سەلاحەددین بۆ ئەوەی لەناوی ببات، و لەولایشەوە داوای کۆمەکی لە فەرەنگەکان کردبوو، بەلاَم کاتێك سەلاحەدین لەشکرەکەی هەردولای تێشکاند، شاوەری نەکوشت، ئەم جارەش لەگەل شێرکۆی مامیا گەرایەوە بۆ شام،و کاتێ فەرەنگەکان بۆچاری سێهەم هێرشیان کردەوە سەر میسرو بەشێکی زۆری ئەو ولاَتەیان داگیرکرد، خەلیفە عازید داوای لەنوورەدین کردەوە کە فریایان بکەوێت، ئەویش بۆجاری سێهەم شیرکۆ وسەلاحەدینی برازای ناردەوە بۆ یارمەتیدانیان، شاوەر جارێکی تر دەوری شێرکۆی دا و ویستی شێرکۆ و گەورەپیاوانی لەناو بەرێت، ئەوانیش لەناویان برد چونکە دەیویست حوکم بەدەستی بێت و نەیشی دەتوانی و بەرگریشی لە ئیسلاحات دەکرد. النجوم الزاهرە فی ملوك مصر والقاهرە/ سنە **559**هـ

ویارمــەتی بــدەن، تــا یــەکێ لــەنزیکانی کــە سەرکێشــی کــردووە دای بمرکێننــەوە،و لەســەر جێــی خۆیــا دای بنــێن، نــوورەددین ئەســەدەددین شیرکۆی مامتی نارد تـا بەیارمـەتی تۆ ئـەو کەسـە سەرکێشـە لـەجێی خۆیـا دابنێن، ئیوەش ئـەوکارەتان ئـەنجام دا، پـاش ئـەوە پێویست بـوو لەسـەرتان پاداشت وشاباشی ئەم کارەتان وەربگرن و بگەڕێنەوە. مانەوەی تۆ لێرەدا چ بەناوی نوورەددینەوە بێت یا بەناوی تۆوە بەجۆرێك لەتەماحی شەخسی دادەنرێت، بەلاَم ئەگەر تۆ ئەو توانمایەت هەبێ دەتوانی نـاوی مافی لـێ بنێیت، چونکە ماف بریتییە لـەزۆر وهێز،ئەمـەش یاسـای سـەرکەوتووان و زاڵبوانە."

توانـای رەوانبێـژی دەمتـەڕی نەجمـەددین بـەجۆرێ بـوو کـە سـلاحەددین نـەیتوانی لەبەرابـەرەوە بەرگرییـەکی هـەبێ، بـەلاَم ئـەو چـاوی تـەماحی بڕیبوە میسر ودەیویست بەهەروەسیلەیەك بێ بەو مەبەستەی خۆی بگات.

سەلاحەددین لەجێی خۆی هەستا ومێزەرە بچکۆلەکەی خۆی رێك کرد و لـەکاتێکا سمێڵەکانی خۆی بـا دەدا سـەیری ئـەو وێنانـەی خۆی دەکرد کـە وێنەکێشـان لەسـەر رووی دیـواری کۆشـکەکەوە بۆیـان کێشـابوو. لـەژێر هەروینەیەکدا بەرەنگـەوە نـاوی خاوەنەکـەی نووسـرابوو، ئـەو تابلۆیانـە وێنەی شاعیرەکانی فاتمی بوون، ئالەم کاتەدا سـەلاحەددین یـادی قسـەکەی خەلیفە {ئـامیر بیئـەحکامیللا}ی بییر کەوتـەوە کەبیستبووی کـاتێ کۆشکی مرواریيــان دروســت کــردووە فــەرمانی داوە وێنــەی هــەر شــاعیرێك وئەوشارەی تیا لـەدایك بـووە بکێشن و لـە ژێر وێنەکەیشیدا ئـەو شیعیرانە بنووسنەوە کە بـەبالاَی خەلیفەدا گوتوویـەتی، و لەپـەنای هەرشاعیرێکیشدا تاقێکی بچوکی رەنگ زێڕینیان دروست کردووە، کاتێ کـە خەلیفـە هاتۆتـە ناو کۆشکەکەوەو شیعری شاعیرەکانی خوێندۆتـەوە، فەرمانی داوە پـەنجا لییـرەی زێـڕ لــە کیســەیــەکی ســەرداخراودا بخەنــە ناوهەرتاقێکــەوە، تــا هەرشـاعیرێك هاتـە ژوورەوە لەپـەنای وێنەکـەی خۆیـا کیسـە زێڕی خـۆی هەڵبگرێ.

کاتێ سەلاحەددین سەیری ئەو وێنانـەی دەکـرد بۆسـاتەوەختێ رۆیشتە نـاو جیهانی خـەیاڵ و ئەندێشەوە، باوکی زانی کە چی بەمێشکی کوڕەکەیا هات وچۆ دەکـات، لـەم بـارەوە بێـدەنگبوو، تـابزانێ سـەلاحەددین چـی دەڵێـت؟ لەبەرئـەوەی ماوەیـەك تێپـەڕی و سـەلاحەددین هیچـی نـەوت، نەجمـەددین لەجێی خۆی هەستا و وای پیشاندا کەدەیەوێت بڕواتە ژوورەکەی خۆیـەوە بـۆ خــەوتن، ســەلاحەددین رووی کــردە بــاوکی و گــوتی: بابــە ! کــەمێ سەبربکە، ئەوە خەلیفەیە کە ئێمەی داواکردووە بۆ ئەوەی کۆمەکی بەکەین

و يارمەتی بدەین و لەشەڕی فەرهەنگییەکان بیپارێزین، و خەڵکی قاهیرە نامەیان بۆ نوورەددین ناردو بەڵێنیان دا تا سێ یەکی داهاتی میسر بۆ ئەو بنێرن، و داوایان کرد کە شێرکۆی مامم خۆی وپیاوەکانی لەمیسرا بمێننەوە،و زەوی وزار بەخۆی وپیاوانی بدەن، بەلاَم بەو شێوەی بەڵێنیان دابوو وەزیری خەلیفە نەی بردە سەر، و منیش بەدەستی خۆم لەناوم برد، و بەم کارە رێم لەبەردەم خۆما خۆش کرد، خۆ ئەگەر من ئەو کارەم نەکردایە نە نوورەدین واریداتی دەبوو، نە پیاوانی شیرکۆیش زەوی وزار، و نە.."

نەجمەددین لەحاڵێکا بەرەو رووی ئەو دەرۆیشتە پێشەوە قسەکەی پێ بڕی و بە ئاوازی پیاوێکی خاوەن تەجروبەو تێگەیشتوو ئاوهای پێگوت: " کوڕم تۆ لەتەك نوورەدینا لەبارەی بەشێکەوە بەربەرەکانێ دەکەیت کەهێشتا لەدەست خاوەنەکانیایەتی.! تاکاتێ ئەم دەستکەوتەلەژێر چنگی خاوەنیا نەهێنیتەدەر تۆ مافی ئەوەت نییە جەنگ وناکۆکی لەسەر بکەیت..! مەگەر کاتێ خەلافەت لەدەست فاتمییەکان بۆ سوودی عەبباسییەکان بێنیتە دەر، ئەگەر کارێکی وات کرد ئەوکاتە لەبارەیەوە نەخشەدەکێشین وبریاری لەسەر دەدەین. ئێستا ئەم ئەندازەیە بەسە.

نەجمەددین دەسەلاَتێکی گەورەی بەسەر دەروونی سەلاحەددینی کوڕیدا هەبوو، بەوەی لەباوکی بیست قەناعەتی کرد و گوتی: " زۆرباشە، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بخەویت" بۆیە فەرمانی بەخزمەتکارەکان دا جێگەی خەوتنەکە بۆباوکی ئامادەبکەن، وهەرکەسە رۆیشتە ژووری خەوی خۆیەوە.

# # #

## ئەبول حەسەن و تاقمی ئیسماعیلییەکان: